سارا ئەحمەدیان:

# لە سەختترین بارودۆخدا کورد هەوڵیداوە کەلتوور و فەرهەنگی خۆی بپارێزێت



**مانگی رابردوو لە شاری رانیە چوارەمین فیستیڤاڵی کەلتوورە جیاوازەکان ساز کرا بە بەشداری چەندین گرووپی موزیک و سەما لە هەموو پارچەکانی کوردستان و چەندین وڵاتی دیکە، گرووپی دایرەک خاتوون یەکێک بوو لە گرووپە هونەرییە بەشداربووەکانی ئەم فیستیڤاڵە و بە پێشکەشکردنی چەندین گۆرانی کوردی دەڤەری کرماشان بەشدار بوو. سارا ئەحمەدیان کە یەکێکە لە ئەندامانی ئەم گرووپە لە چاوپێکەوتنێکدا سەبارەت بە فیستیڤاڵەکە و کاری داهاتوویان و چەند پرسێکی دیکە بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵان-ی دایەوە.**



● بەشداریکردنتان لە فیستیڤاڵی رانیە چۆن بوو؟
- گرووپی دایەرك خاتوون لەگەڵ گرووپی شاخوەشین بەشداری کرد، گرووپی شاخوەشین ئەمە دووەم جارە بەشداری لەم فیستیڤاڵەدا بکات، بەڵام گرووپی دایەرك خاتوون یەکەم جارە بەشداری بکات دوای ئەوەی بە رەسمی بانگهێشت کرا.

● دیارە هەرێمی کوردستان بە بارودۆخێکی سەخت و ئاڵۆزدا تێپەڕ دەبێت لەرووی ئابووری و دارایی، سەرەڕای ئەمەش چەندین فیستیڤاڵی جۆراوجۆر ئەنجام دەدرێت، ئەنجامدانی ئەم چالاکییە هونەرییانە چی دەگەیەنێت؟
- بۆ ئێمە و هەموو جیهان ئاشکرایە کە لە ئێستادا هەرێمی کوردستان بە بارودۆخێکی سەخت و دژواری ئابووریدا گوزەر دەکات، بۆ ئێمە کە لە بەشی رۆژهەڵاتی کوردستانەوە هاتووین، جێگای شانازی و سەربەرزی بوو کە سەرەڕای نالەباری و سەختی ئەم بارودۆخە فیستیڤاڵ و چالاکییە هونەرییە جۆراوجۆرەکان بەردەوامن، ئەمەش مانا و دەلالەتی زۆر هەڵدەگرێت و لە هەمان کاتدا نیشانەی ئەوەیە کە سەرەڕای نالەباری بارودۆخ کورد سەر دانانەوێنێ بۆ بارودۆخە سەپێنراوەکان هەمیشە لە هەوڵدایە بۆ پاراستنی فەرهەنگ و کەلتووری خۆی.

* موزیك و کەلتووری رەسەنی کوردی وەکو پێویست لەم فیستیڤاڵەدا پێشکەش کرا؟
-فیستیڤاڵە بە ناوی فیستیڤاڵی گەلان بوو، واتە تایبەت نەبوو بە هونەر و مۆسیقای کوردی، بۆیە بەشداربووانی فیستیڤاڵەکەش لە شوێنە جیاجیاکانی جیهانەوە هاتبوون، لە هەموو بەشەکانی کوردستان چەندین گرووپی هونەری جیاجیا بەشدار بوون و هەر یەکیان گوزارشتیان لە مۆسیقای ئەو بەشە دەکرد کە لێی هاتبوون بۆ نموونە ئێمە لە رۆژهەڵاتی کوردستانەوە هاتبووین و نوێنەرایەتی بەشێك یان ناوچەیەکی دیاریکراو بووین، بەڵام ئەوەی جێگای شانازییە کە گۆرانی و مۆسیقای کوردی زۆربەی ناوچەکان بە شێوەیەکی جوان پێشکەش کرا کە مایەی رەزامەندی جەماوەر و رێکخەرانی ئەم فیستیڤاڵە بوو.

* ئایا دەتوانین بڵێین هەوڵێك بوو بۆ پاراستنی کەلتووری رەسەنی کوردی؟
- کورد لە هەر شوێنێکی دنیا بێت بۆ پاراستنی فەرهەنگی و لە هەر بارودۆخێك بێت هەوڵی پاراستن و پێشخستنی داوە، دیارە کورد بە گشتی بە بارودۆخی سەختدا تێپەڕیون، بەڵام سەرەڕای ئەمەش کۆڵی نەداوە لە هەموو پارچەکان و خۆشەویستی و پەیوەندی بەم هونەر و مۆسیقاوە وایکردووە کە بەردەوام بێت لە پەرەپێدان بە کەلتوورەکەی و پاراستنی، ئێمە وەکو کوردانی رۆژهەڵات و گرووپی دایەرك خاتوون ئاواتی ئێمە ئەوەیە کە بتوانین بە باشترین شێوە خزمەت بە هونەری میللەتەکەمان بگەیەنین و زیندووی بکەینەوە لە هەمان کاتدا کەلتووری رەسەنی خۆمان بە جیهان نیشان بدەین کە ئێمەش خاوەن کەلتوورێکی رەسەنین.

* بەشداریکردنی ئافرەتان چۆن بوو ئایا وەکو پێویست بوو؟
- ماوەی چەند ساڵێکە ئافرەتی کورد لە هەموو پارچەکان بەشدارییەکی دیار و بەرچاوی هەیە لە مەیدانی هونەردا، ئەوەی تێبینی کرا لەم فیستیڤاڵەش بەشداری کردنی ئافرەت لە ئاستێکی زۆر باشدابوو، جگە لە گرووپی ئێمە چەندین گرووپی دیکەی تایبەت بە ئافرەتان بەشداربوون و ئەوەی جێگای شانازییە کاری زۆر جوان و سەرنجراکێشیان پێشکەش کرد چ لە بواری گۆرانی و مۆسیقا یاخود لە چوارچێوەی گرووپە جیاجیاکانی هەڵپەرکێی کوردەواری.

* وەك گرووپی کوردانی کرماشان، پێشوازی کردنی جەماوەر لە کارەکانی ئێوە چۆن بوو؟
- گرووپی ئێمە کە گرووپی کچانی دایەرك خاتوون و گرووپی کورانی شاخوەشێن بوو، هەردوو گرووپەکە لەژێر سەرپەرشتی مامۆستا عەلی ئەکبەر موورادییە کە مامۆستایەکی گەورە وپسپۆڕی ئامێری تەنبورە و هەموو کارەکانمان لە ئامادەکردنی مامۆستا موورادی بوو، ئەوەی مایەی خۆشحاڵی ئێمە بوو، ئامادەبوونی خەڵك لە کۆنسێرتەکەمان بوو، ئەو گۆرانی و بەرهەمانەی پێشکەشمان کردن، جێگای رەزامەندی و بە دڵی ئامادەبووان بوو.


* چ شتێك بۆ ئێوەی زیاتر سەرنجراکێش بوو؟
- لەم فیستیڤاڵەدا شتی زۆر جیاواز و دەگمەنمان بینی کە بە راستی بۆ هەموو لایەك سەرنجراکێش بوو، دەرفەتێکی نوێ بوو بۆ ئێمە کە هونەری هەندێك لە بەشەکانی دیکەی کوردستان ببینین کە پێشتر پێی ئاشنا نەبووین بۆ نموونە فەرهەنگ و گۆرانییەکانی کوردانی ئێزیدی شنگال کە بە راستی کارێکی جوان بوو، بەتایبەتی دوای ئەو کارەساتە گەورەیەی کە لەلایەن تیرۆریستانی داعشە بەسەر کوردانی ئێزیدی هات کەچی هونەرەکەیان بە زیندوویی هێشتۆتەوە و بگرە هەوڵیانداوە پەرەی پێ بدەن، هیواداریین ئەم جۆرە فیستیڤاڵانە بەردەوام بن بۆ ئەوەی ببێتە پەیامی ئاشتی و دۆستایەتی و پێکەوەژیانی ئێمەی کورد بۆ هەموو جیهان و لە نێو گەلانی دنیا شانازیی پێوە بکەین.

* کاری نوێتان چییە بۆ داهاتوو؟
- ئێمە بەردەوامین لە کارکردن و هیچ کاتێك نەوەستاوین، بۆ داهاتووش گرووپی دایەرك خاتوون بە هاوبەشی لەگەڵ گرووپی شاخوەشێن چەندین بەرنامەی نوێی جۆراوجۆرمان ئامادەکردووە، پەنا بە خوا لە کاتێکی نزیکدا لە رێگای چەند کۆنسێرتێك پێشکەشی دەکەین و دەیکەینە دیاری بۆ هەر کوردێك لە هەر کوێی جیهان بێت.



# فەلسەفەی ڕەنگ

تیۆرییەک هەیە دەڵێ، ناوی ڕەنگ پێوەرە بۆ ئاستی کەلتوورییانەی هەر نەتەوەیەک، نیشانەی دێرینایەتی و قووڵیی شارستانیەتی نەتەوەیە. ئەو تیۆرییە روونتر دێتە قسەو دەڵێ: هەرچەندی ناوی زۆرترین ڕەنگ لە زمانێکدا وشەی سادە بێت، ئەوە نیشانەی ئەوەیە نەتەوەی خاوەنی ئەو زمانە لە شارستانیەتدا فرە دێرینە.
وەك زانایانی ڕەنگناسی و پسپۆڕانی ڕەنگسازی باسی دەکەن، مرۆڤ لە سەرەتادا هەردوو ڕەنگی (ڕەش و سپی)ی ناسیوە، واتە هەموو شتێك وەك ڕەنگ بە لای مرۆڤەوە یان ڕەش بووە یان سپی. ڕەنگە وێنەی جارانی ڕەش و سپی، کە هێشتا فۆتۆی ڕەنگدار پەیدا نەبووبوو، وێنایەکی روون سەبارەت بەم بابەتە بە دەستەوە بدات. بۆیە دەشبینین ناوی ئەم دوو ڕەنگە لە زۆربەی زمانەکاندا پەیڤی سادەیە نەك لێکدراو یان داتاشراو. ڕەنگناسان دەڵێن، دوای جووتە ڕەنگی ڕەش و سپی، مرۆڤ ڕەنگی سووری ناسی، پاشان شین و زەرد و سەوز. بەم جۆرە تا مرۆڤ لە رووی شارستانیەت و ژیارەوە رووی لە هەڵکشان و پێشکەوتن کردووە، پتر لە دنیای ڕەنگ نزیك بووەتەوە، هەنگاوی بە ئاراستەی ناسینی ڕەنگ و فەلسەفەکەی هەڵێناوە.
ئەگەرچی ئەمڕۆ بۆ ناونانی گەلێ جۆرە ڕەنگ، کورد پەنا دەباتە بەر ناوی ئەو ڕەنگانە بە پێی ناوی بیانییان. ئەمەش کەم و کوڕییەکە لە ئاستی شارستانیدا، پێویستی بە پڕکردنەوەیە، بەڵام پڕکردنەوەیەك بە هۆشیاری و بە گوێرەی ریشە و دەستووری زمان و کەلتووری کوردی. لەگەڵ ئەوەشدا کورد بە گوێرەی ئەو تیۆرییەی لە سەرەتای ئەم وتارەدا ئاماژەمان پێ دا، دەکرێ وەك میللەتێکی خاوەن شارستانیەتێکی قووڵ و دێرین لێی بڕوانین. بۆ نموونە، ژمارەی ناوی سادەی ڕەنگ بە کوردی زیاترە لە ژمارەی ناوی سادەی ڕەنگ بە زمانی عەرەبی. ناوەکانی سادەی ڕەنگ لە زمانی کوردیدا ئەمانەن: (ڕەش، سپی، سوور، شین، زەرد، سەوز، پەمبە، بۆر، مۆر، بۆز). ڕەنگە ناوی دیکەش هەبێت و من نایزانم. بە گوێرەی ئەم تیۆرییە بێت، کورد لە رووی شارستانیەتەوە،یەکێکە لە نەتەوە هەرە دێرینەکان. کەم زمانی دنیا هەیە هێندەی زمانی کوردی ناوی سادەی ڕەنگی هەبێت. کەچی ئێستا کورد لە رووی ناوی ڕەنگەوە، نەتەوەیەکی هەژارە. دنیای ڕەنگ هێندە فراوان بووە، بە سەدان ڕەنگی نوێ پەیدا بوون، کەم زمانیش هەیە پەی بەو ناوانە ببات، کاریش بەو ئاراستەیەدا دەڕوات، کە فەرهەنگێکی هاوبەشی جیهانی بۆ ناوی ڕەنگ لە هەموو زمانەکاندا، گەڵاڵە ببێت.
لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێ میکانیزمێکی دروست دابندرێ، بۆ وەرگرتن و هەرس کردنی ناوی نوێ و جێ کردنەوەیان لە نێو فەرهەنگی زمانی کوردیدا. هەڵبەت ڕەنگسازی هونەرە و هەم زانست. هەر ڕەنگێکی سەرەکی شەبەنگێك ڕەنگی لە تیرەوە بەرەو کاڵ لێ دەبێتەوە. ڕەنگ چووەتە نێو سیستەمی دیجیتاڵ و کۆمپیووتەریشەوە. واتە تەکنیك هاتووەتە خزمەتی ڕەنگەوە. خۆ ئەگەر لە سروشت بڕوانین،



ئا/تاریق کاریزی

ڕەنگە بگەینە ئەو بڕوایەی کە ڕەنگ سنووری نییە، لە ژمارە نایەت. ڕەنگناسی ئەو زانستەیە، کە دەخوازێت پەی بە دنیای ڕەنگ و نهێنی و واتاکانی ببات. ڕاڤەیەك لە بارەیەوە پێشکەش بکات.

ڕەنگ بەشێکە لە بوون و کەینوونەی شتان. زانستی فیزیا دەرکەوتنی ڕەنگ بە هەڵگەڕانەوەی پرشنگی ڕووناکی گرێ دەدات. فیزیاناسان پێیان وایە ڕەنگ لە دیاردەیەکی فیزیاییەوە سەرچاوەی گرتووە. دەکرێ بڵێین یەکێ لە خەسڵەتە سەرەکییەکانی هەر شتێك ڕەنگە. هەموو شتێك بە جووتەی (ڕەنگ و شێوە)، (ڕەنگ و قەبارە: بارستایی) دەناسرێتەوە. واتە ڕەنگ بەشێکە لە هەبوونی هەر شتێك، هیچ شتێك نییە ڕەنگدار نەبێت.

لە ڕووی هزر و دەروونەوە، ڕەنگ ئاوێتە بە بیر و ئەندێشە و خەیاڵی مرۆڤ دەبێت، لە نێو هەست و نەستی ئەودا ئامادەیە. لەو سۆنگەیەوە، ڕەنگ وەك دیاردەیەکی دیدەیی دەردەکەوێت. هەر لە پای ئەمەشە، کە ڕەنگ لە چەندین هونەردا وەك توخمێکی سەرەکی ئامادەیە. لە تێکڕای لقەکانی هونەری شێوەکاریدا، ڕەنگ توخمێکی پێکهێنەری بەرهەمی هونەرییە. ئەگەر لە باری گریمانەدا، ڕەنگ لە هونەر دوور بخەینەوە، ئیدی ئەوکات هونەر لە هونەرایەتی دەکەوێت. هەڵبەت دوور خستنەوەی ڕەنگ لە هونەر و لە هەر ڕواڵەتێکی ژیان، کارێکی کردەنی نییە، نابێت و نەبووە، چونکە هیچ شێوەیەك، هیچ ڕواڵەتێك، هیچ قەبارە و ڕووبەرێك، هیچ دیمەن و مەودایەکی بینین (تەنانەت خاڵ و هێڵیش) بێ ڕەنگ نییە. هەڵبەت مرۆڤ هەر چۆنی بڕوانێت، بجووڵێت، کار بکات یان بە خەیاڵدا بچێت، ڕەنگ لە ژیانی و هزر و زەین و خەیاڵی ئەودا ئامادەیە.

ڕەنگ لە هەموو بوارێکی ژیانی مرۆڤدا ئامادەیە، بەڵام لە هونەری شێوەکاریدا ڕەنگ یەکێکە لە دوو توخمی سەرەکی (ڕەنگ + شێوە).بەدەر لە هەبوونی ڕەنگ، ناکرێ وێنای تابلۆ یان هەر چەشنە هونەرێکی دیدەیی بکەین. ڕەنگ پەیوەندییەکی بەتینی بە لایەنی دەروونی، هەروەها سەلیقە و حەز و خولیای مرۆڤەوە هەیە. جا بۆیە دەبینین لە پۆشینی بەرگ و پۆشاکدا، لە دیکۆر و هەر کردەیەکی ڕەنگسازیدا، هەمەڕەنگییەکی بێ سنوور لە ڕووی ڕەنگەوە بەدی دەکەین. لە ڕووی بیر و ئایدیاشەوە، مرۆڤ بە پێی شوێن و کات، بە پێی باری شارستانی و کەلتوور، بە گوێرەی ڕەوشی دەروون و ژینگە، بە شێوەی جیاجیا لە ڕەنگ دەڕوانێت. ڕەنگ مۆرکێکی هێماییانەشی هەیە، لە هەموو بوارێکی ژیاندا سوود لەو مۆرکە وەردەگیرێت. بۆ نموونە، هەر وڵات و نەتەوەیەك ئاڵایەك دەکاتە هێمای خۆی. ئەو ئاڵایەش لە دوو توخمی (ڕەنگ + فۆرم) پێك دێت. فۆرمەکە زۆر جار لە شێوەی هێڵکارییەکی ئەندازەیی یان نەخشێکی سادە و چڕە هێمادارە، ڕەنگ ئەرکی تەواوکارانە لە گەڵاڵە بوونی هێماییانەی ئاڵادا بەدی دەهێنێت.ڕەنگ بە دەم خواستی دەروونی و حەزی مرۆڤەوە دەچێت. ڕەنگ خۆی ڕواڵەتێکی بێلایەن و بابەتییانەیە، مرۆڤ دێت واتا و ڕەهەندی هێماییانەی پێ دەبەخشێت.



# تامانا پەشیمان نییە

تا تەمەنی ١٥ ساڵی ئەستێرەی سینەمایی بۆڵیۆد تامانا بهاتیا بیری لە دوارۆژی خۆی نەکردبۆوە لە بواری سینەما، هەرچەندە ئەمە یەکێك بوو لە خەونەکانی، بەڵام دواتر هەنگاوی یەکەمی دەستپێکرد بۆ هێنانەدیی ئەم خەونە و رووی کردە بواری سینەما.

یەکەم هەنگاوی بهاتیا تا رادەیەکی زۆر سەرکەوتوو نەبوو، چونکە یەکەم بەشداریکردنی فیلمی (Chand Sa Roshan Chehra) بوو کە لە رووی جەماوەرییەوە سەرکەوتوو نەبوو، بەڵام ئەمە نەبووە هۆی دارمانی ورەی، بەڵکو ورەی بەرزتر بۆوە و بە جددی هەوڵیدا هەڵەکان دووبارە نەبنەوە و بەڵێنی بەخۆی دا کە ببێتە یەکێك لە ئەکتەرە سەرکەوتووەکانی بۆڵیۆد. دوایین بەشداری تامانا فیلمێکی کۆمیدی بوو، لە دیمانەیەکی رۆژنامەنووسیشدا دەربارەی فیلمەکە رایگەیاند کە ئەو بە هیچ شێوەیەك پەشیمان نییە لە بەشداریکردنی لەو فیلمە و دڵنیاشە لە سەرکەوتنی.

بەم دواییە تامانا وەك جوانترین کچ هەڵبژێردرا لەلایەن گۆڤارێکی جیهانییەوە ئەمەش رەنگە هاندەرێکی باش بێت بۆ ئەوەی لە داهاتوودا لە کاری گەورەتر بەشداری بکات و پاڵنەرێکی سەرکەوتنی کارەکانی داهاتووی بێت.



# جیم کاری بە کوشتن تۆمەتبار دەکرێت

بریجید سویتمانی دایکی کاتریونا وایتی خۆشەویستی ئەستێرەی کۆمیدی جیهانی جیم کاری سکاڵایەکی لە دادگا دژی جیم کاری بەرزکردەوەو بە هۆکاری مردنی کچەکەی تۆمەتباری دەکات کە لە سێپتێمبەری ساڵی ٢٠١٥ بە دەرمان خۆی کوشت و ئەو کاتیش هاوڕێی جیم کاری بوو.

لەم بارەیەوە ماڵپەڕی (باری ماتش)ی فەرەنسی ئاشکرای کرد کە برجیت سویتمان لە سکاڵاکەیدا دەڵێ: جیم کاری لە ڕێگای پێوەندیی لەگەڵ کچە هاوڕێی تەمەن ٢٨ ساڵییەکەی جۆرێکی نەخۆشی بۆ گواستۆتەوە کە لە ڕێگای سێکسەوە دەگوازرێتەوەو لە جیاتی ئەوەی دان بە هەڵەکەی خۆیدا بنێت، وازی لە کچەکەی هێناو بەجێی هێشتووە، دواتریش لە ڕێگای چەند کەسێکەوە هەڕەشەی لێکردووە کە باس لەو بابەتە نەکات و وەك نهێنیی بیشارێتەوە.

ماڵپەڕەکە زیاتر دەڵێ: دوای ئەو هەڕەشەیە کاتریۆنا بڕیاری دا خۆی بکوژێت بە خواردنی بڕێکی زیاد لە پێویست لەو دەرمانانەی کە وەك چارەسەر لەو نەخۆشییە بەکاری دەهێنان لەسەر راسپاردە و ڕێنمایی جیم کاری خۆی. هەمان سەرچاوە ئەوەشی راگەیاند کە هاوسەری کاتریۆناش بە هەمان شێوە سکاڵایەکی دژی جیم کاری بە هەمان تۆمەت بەرزکردۆتەوە.

# جوانیی دەرگاکانی لەبەردەم ئەحلام کردەوە




شاجوانی پێشووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەحلام حەجی بەم دواییە بووە خاوەنی نازناوی (MISS GLOBE ٢٠١٦) دوای ئەوەی زۆرترین دەنگی لەم پێشبڕکێیە جیهانییە بەدەستهێنا، ئەوەش ئەرکەکانی زەحمەتتر کردو کاری زیاتری خستەسەرشانی، چونکە بە قسەی چاوی خەڵکی زیاتر لەسەر دەبێت و پێویستە بەرنامەیەکیشی هەبێت بۆ داهاتوو.



ئەحلام لە لێدوانێکی تایبەت بە گوڵان وتی: بەشداریکردن لە پێشبڕکێی شاجوانی و بەدەستهێنانی نازناوەکەی دەرگاکانی بەردەمی کردەوە، بەتایبەتی لە بواری ڕاگەیاندن بۆیە ئێستا بەرنامەیەك لە کەناڵی (المراه العربیه) بە ناوی (فاشن دریم) کە تایبەتە بە جوانی ئافرەت و دوایین مۆدەکانی جلوبەرگ لەسەر ئاستی جیهان پێشکەش دەکەم.

وتیشی: پێشکەشکردنی ئەم بەرنامەیە کارەکانی منی زۆر زەحمەت کردووە، چونکە من لە پاریس نیشتەجێم، بەڵام بەردەوامم لە گەڕان لە نێوان لوبنان و تورکیا و مەغریب و چەندین وڵاتی دیکە وەك ئیمارات، فەرەنسا، میسر و ئەبوزەبی و ئێستاش لە خۆئامادەکردندام بۆ پێشکەشکردنی چەند ئەڵقەیەکی بەرنامەکە لە بەحرێن و قەتەر.

لە بەشێکی دیکەی لێدوانەکەیدا ئەحلام وتی: سەرەڕای ئەوەی من هەست دەکەم هێڵە سوورەکانم نەبەزاندووەو ڕەچاوی بارودۆخی کۆمەڵایەتی ئەو وڵاتانەم کردووە، بەڵام لێرەولەوێ پڕوپاگەندە و قسە دەکرێت دەربارەی من لە کاتێکدا هەموو لایەك دەزانن، ئەگەر من جوان بم، ئەوا نیعەمەتێکە و خوای گەورە پێی بەخشیوم و ئەمەشە بۆتە هۆی ئەوەی نازناوەکان بەدەست بهێنم.